cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 3



خەبات www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/1/12 ژمارە (5190)



لەجامی شای ئیسپانیا..

# ئەمشەو ریال بەرامبەر سیڤیبە چاوی لە شکاندنی ژمارەی بەرشلۆنەیە

ئەمشەو لەیاری گەڕانەوەی جامی ئیسپانیادا لەکاتژمێر 11:15شەودا یانەی ریال مەدرید لەسەر یاریگای سانشێز بیزخوان دەبێتە میوانی یانەی ئیشبیلیە، کە لەم یارییەدا یانەی ئیشبیلیە بەهیوای ئەوەیە بتوانێت موعجیزەیەک بەرامبەر یانەی ریال مەدرید تۆمار بکات، دوای ئەوەی لەیاری چووندا بە 3گۆڵی بێ وەڵام دۆڕایە یانەی شاهانەی مەدرید، ئەم یارییە گرنگییەکی زۆری بۆ هەردوو یانە هەیە، چونکە لەیەک شەممەی داهاتووش هەردوو یانە جارێکی دیکە لەخولی لالیگا رووبەڕوو دەبنەوە، لەکاتێکدا یانەی ئیشبیلیە ئێستا لە پلەی دووەمی خولی ناوخۆدایە، ئیشبیلیە لەدوای شکستە گەورەکەیان بەرامبەر ریال مەدرید لە برنابیۆ لەجاما، توانیان لە گەڕی رابردووی خولی لالیگا لەسەر یاریگای ئەنوێتا بە 4گۆڵی خاوێن لە ریال سۆسیداد ببنەوە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت ئەمشەو بە پێکهاتەی سەرەکی رووبەڕوویی ریال مەدرید ببێتەوە. ئەگەر بێت و ریال مەدرید لەم یارییەدا نەدۆڕێت، ئەوا دەتوانێت ژمارەی پێوانەیی یانەی بەرشلۆنە بشکێنێت لە ژمارەی نەدۆڕاندنی یارییە لەدوایی یەکەکان. ئەگەر بێت و لەیارییەکەی ئەمشەودا ریال مەدرید بتوانێت گۆڵێک تۆمار بکات، ئەوا سەرکەوتنی بەشێوەیەکی زۆر بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر دەکات و هەلی یانەی ئەندەلووسی کەم دەکاتەوە. لەلایەن خۆیەوە یانەی سێلتا فیگۆ سەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتوو یەکلاکردۆتەوە، دوای ئەوەی لەدەرەوەی یاریگای خۆی لەیاری چووندا بە 4گۆڵی بێ وەڵام لەیانەی ڤالێنسیای بردەوە. بەهەمان شێوەش یانەی ئیبار بە 3گۆڵی خاوێن لەدەرەوەی یاریگای خۆی لەیانەی ئۆساسۆنای بردنەوە.

**نەبەز روستایی**

## بەفر هەڕەشە لەدواخستنی گەڕی 21خولی ئینگلیزی دەکات



گەڕی 21ی ململانێکانی خولی ئینگلیزی کە لە شەممەی داهاتوو بەڕێوەدەچن، مەترسی دواخستنی لەسەرە بەهۆی نالەباری و خراپی ئەو کەش و هەوایەی کە ئێستا بەشێکی زۆری ئەوروپای گرتۆتەوە. رۆژنامەی (سەن)ی ئینگلیزی بڵاویکردەوە، کە دەستەی چاودێریکردنی کەش و هەوای بەریتانی ئاگاداری ئەوەی داوە کە بەفرێکی چڕ و رەشەبایەکی بەهێز وڵاتەکەیان دەگرێتەوە، کە پلەی گەرمی دەچێتە 10پلەی ژێر سفر، بەم پێیەش چەندین یاری گەڕی داهاتوویی ململانێکانی پریمەرلیگ لەژێر مەترسی دواخستن دان بەهۆی تێکچوونی کەش و هەواوە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە یانەی چێلسی لەدوای تێپەڕبوونی 20گەڕ بە 49خاڵ پێشەنگی خولی ئینگلیزی گرتووە، پاشان یانەی لیڤەرپوول بە 44خاڵ لە پلەی دووەم دێت.



## ناڤاس باشترین یاریزانی لاتینی لە ئیسپانیا بۆ ساڵی 2016

ناڤاس خەڵاتی باشترین یاریزانی لاتینی لە ئیسپانیا بۆ ساڵی 2016لەلایەن ئاژانسی ئیسپانیا ( (EFEپێدرا، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی بەدرێژایی ساڵی رابردوو لەریال مەدرید پێشکەشی کرد. ناڤاس توانی شوێن پەنجەی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید لەبەدەستهێنانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و سوپەری ئەوروپا و مۆندیالی یانەکان جێبهێڵێت.

## تیروپشکی پریمەرلیگ یاری زەحمەتی بۆ ئارسناڵ و مان سیتی لێکەوتەوە

لەدوای راکێشانی تیروپشکی جامی یەکێتی ئینگلیزی بۆ قۆناغی چوارەم، هیچ شتێکی ناچاوەڕوانکراوی لێ نەکەوتەوە، کە گرنگترین یارییەکانی بەمشێوەیە بوون، کە هێشتا هەندێک یانەی پلە دوو و سێ سەرکەوتنیان بۆ ئەم قۆناغە یەکلا نەبۆتەوە.
مان سیتی رووبەڕووی یەکێک لەیانەکانی کریستال پالاس یاخود بۆڵتۆن دەبێتەوە
ئارسناڵ رووبەڕووی یانەی ساوسهامپتۆن یاخود نۆریچ سیتی دەبێتەوە
چێلسی رووبەڕووی بینتفۆرد یاخود تیپێکی لەندنی دەبێتەوە
لیڤەرپوول پێویستە لەیانەی بلایمۆس بباتەوە، بۆ ئەوەی رووبەڕوویی یانەی وۆلڤەرهامپتۆن بێتەوە



تۆتنهام بەرامبەر ویکامپ ویندەرز دەبێتەوە
مان یونایتد بەرامبەر ویگان یاری دەکات
فولهام و هال سیتیش بەیەک دەگەن
جێگای وەبیرهێنانەوەیە زۆرترین نازناوی ئەم خولە لەلایەن ئارسناڵ و مان یونایتدەوەیە بە 12نازناو، ئایا هیچ کامێکیان دەتوانێت نازناوی ئەم وەرزەش بەدەست بێنێت بۆ ئەوەی بەتەنها لەپێشەنگ بمێنێتەوە.



# ئۆزێل: لە ئارسناڵ بەختەوەرم

مەسعود ئۆزێلی ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی، باسی ئەگەری درێژکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ تۆپهاوێژەکان لە ماوەی داهاتوودا کرد. گۆڤاری کیکەری ئەڵمانی لێدوانەکانی ئۆزێلی بڵاو کردەوە، کە دووپاتی کردەوە، لە ماوەی داهاتوودا گرێبەستەکەی لەگەڵ ئارسناڵ درێژ دەکاتەوە، بەمەش ئەو دەنگۆیانە سەرکوت دەکات، کە لە دەزگاکانی راگەیاندن باس لە رازینەبوونی ئۆزێل بە تازەکردنەوەی گرێبەستەکەیان دەکرد. ئۆزێل لە لێدوانەکانیدا وتی:" من لێرە لە ئارسناڵ زۆر دڵخۆشم، ئامادەم واژوو لەسەر گرێبەستێکی تازە لەگەڵ ئارسناڵ بۆ ماوەی داهاتوودا بکەم، چونکە یانەی ئارسناڵ و جەماوەرەکەی دەیانەوێ بمێنمەوە، بۆیە منیش ئەو ئارەزووەیان بەدی دەهێنم". ئۆزێل وتیشی:"پرۆسەی تازەکردنەوەی گرێبەستەکەم، ئێستا لەسەر ئارسناڵ وەستاوە، من ئامادەم گرێبەستێکی تازە واژوو بکەم، متمانەشم بە هەموو کەسەکانی ئێرە هەیە، لەسەرم بوو بێمە دەنگ و چارەنووسی ئایندەی خۆم لەگەڵ تیپەکە روون بکەمەوە". ئەوەی شیاوی باسکردنە، لەو ماوەی دوایی قسەوباس لەسەر تازەنەکردنەوەی گرێبەستی سانشێز و ئۆزێل لە گەڵ کارگێڕی ئارسناڵ ئارادا بوو، بۆیە زۆربەی یانە گەورەکان هەستیان لە رەوەشی ئەو دوو یاریزانە راگرتووە، بۆ ئەوەی دەرفەتەکە بقۆزنەوە و پەلکێشی ریزەکانی خۆیانیان بکەن.

**رەمزی میرەکانی**

## فیفا بەفەرمی بەشداری 48هەڵبژاردەی مۆندیالی 2026ی راگەیاند

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی(فیفا ) لەمیانی دانشتنێکی کۆنگرێسی تایبەت بڕیاری رەزامەندی دا لەسەر هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە پاڵەوانێتی مۆندیالی جیهانی لەسەرەتای ساڵی 2026دا. لاپەڕەی فیفا لەتویتەر ئاماژەی بەوەکرد کە سەرەتای ساڵی 2026دا بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا 48هەڵبژاردە بەشداری مۆندیال دەکەن. هەروەها ئاشکرای کرد کە لەو ژمارەیەدا هەڵبژاردەکان دابەش دەکرێنە سەر 16گرووپ و هەر گرووپێک 3هەڵبژاردە لەخۆ دەگرێت بۆ رکابەریکردن لەسەر بلیتێکی قۆناغی دووەم. بەمەش مۆندیالی 2022ی قەتەر دواین ژمارە دەبێت کە بەشێوەی ئاسایی 32هەڵبژاردە لە 8گرووپدا بەڕێوە دەچێت.